# بوارەکانی تری بە دەستهێنانی یارمەتی

لە ئۆهۆسدا لەم کتێبخانانەدا هەن:

کتێبخانەی گەلەغوپ Gellerup bibliotek

کتێبخانەی هاسلە Hasle bibliotek

کتێبخانەی سەرەکی ئۆهوس Hovedbiblioteket

کتێبخانەی ریسکۆ Risskov bibliotek

کتێبخانەی تغانبیا Tranbjerg bibliotek

کتێبخانەی سکودستغوپ Skødstrup bibliotek

کتێبخانەی ڤیبیوی Viby bibliotek

یارمەتیی وانە ئامادەکردن لە ئینتەرنێتەوە لەم سایتەدا دەستدەکەویت:

www.lektier-Online

هەندێک کتێبخانەکان لەم جۆرە گرووپی یارمەتیانەیان هەیە. هەندێک شەریکەی خانوبەرەش یارمەتی وانەئامادەکردن پێشکەش دەکەن.

جگە لەوانەش زۆر لەقوتابخانەکان SFOەکان و یانەکان لەم جۆرە گروپانەیان هەیە. لەو بارەیەوە پرسیار لەقوتابخانەی منداڵەکەت بکە.

سەیری ڤیدیۆی "بەخێربێت بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لەدانمارک" لەسەر ئەم ئەدرەسەی ئینتەرنێت بکە:

www.uvm.dk/velkommen

ئەو کەرەستەیەی لەم سایتەدا بەکارهاتووە، پرۆژەیەکی هاوکاریی نیوان کتێبخانەی ڤیبیوی، کتیبخانەی شارەوانیی ئۆهوس و زانکۆی ڤیاکۆلیجە. پرۆژەکەش کە لەچوارچیوەی دەستپێشخەرییە بچووکەکانی بواریتێکەڵبووندایە لەلایەن دەستەی کافتریای وانە ئامادەکاران، بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەکانو میدیا و دەستەی شارەوانیی ئۆهوسەوە ئامادەکراوە.

Kurdisk oversættelse af pjecen: *Sådan kan du hjælpe dit barn med lektierne*





"من ئینگلیسیم بیرچووەتەوە لەزۆر وشەی دانمارکی تیناگەم، بۆیەئەستەمە بتوانم یارمەتی پێشکەش بەکوڕەکەم بکەم: پار پارەم بۆ دابە یارمەتي وانە ئامادەکردن. ئەمساڵ هەموو ڕۆژانێکی سێشەممەوپێنجشەممە دێم بۆ ئێرە. حەز دەکەم کوڕەکەم زیرەک بێت."

وتەی دایکێک لە بارەی کافتریای وانە ئامادە کردنە وە



"لێکۆڵینەوەکان وا نیشاندەدەن کە کاتێک منداڵ لە تەمەنی حەوت ساڵاندان باوک دایکیان شەش ئەوەندەی قوتابخانە کاریگەرییان هەیە لەسەر فێربوونیان."

وتەی پرۆفیسۆر چ. دیفۆرجس
زانکۆی ئێکستەر 2009

## دەتوانیت چەندین کتێبی جۆراوجۆر لەکتێبخانە قەرزبکەیت، کە لەگەڵ منداڵەکەتدا بە کاربیهێنیت:

- کتیب بەزمانی خۆت واتە زمانی دایک
- کتیبی وەرگێڕراو بۆ زمانی دایک
- چیرۆک و داستانی وەرگێڕراو لەزمانی دایکەوە بۆ زمانی دانمارکی
- ئەو کتێبانەی وێنە لەخۆدەگرن

## ئەگەر منداڵەکەت کتێبی قەرزکراوی لەقوتابخانەوە هێنایەوە کە پێویست بکات بیخوێنێتەوە دەتوانیت:

- لەمنداڵەکەت بگەرێیت خۆی بۆت بخوێنێتەوە.
- دەتوانیت بپرسیت ئاخۆ لەو شتانە تێدەگات کە دەیخوێنێتەوە؟ بپرسە کتێبە کە لەبارەی چییەوەیە؟
- دەتوانن باسی وێنەکانی کتێبەکە بکەن بە دانمارکی یان بە زمانی خۆتان. بپرسە لەم وێنەیەدا چی دەبینیت؟





"ئەگەر من یارمەتی منداڵەکەم نەدەم لە وانەکانیدا خۆی بە تەنیا دەمینیتەوە لەگەڵ ئەرکەکانیدا"

وتەی دایک باوکێک:

# زمانی دایک وەکو یارمەتییەک بۆ فێربوونی دانمارکی

زمانی دایک سەرچاوەیەکی گرنگە. هەرچەندە منداڵەکەت باشتر بتوانێت زمانی دایکی قسە بکات زەمینەی فێربوونی قسەکردن و نووسینی دانمارکیی باشتر دەکات. بۆیە کارێکی باشە:

- تا دەتوانیت لەگەڵ منداڵەکەتدا قسەبکەیت لەبارەی هەموو شتێکەوە هەروەها بچنە دەرەوەو شتی جیاواز تاقیبکەنەوە.
- چیرۆک بۆ منداڵەکەت بگێرەوە. ئەو منداڵانەی چیرۆکی زۆر دەبیستن بە زمانی خۆیان باشتریش دەبن لەگێڕانەوەی چیرۆک بە زمانی تر.
- چیرۆک بەزمانی خۆتان بۆ منداڵەکانتان بگێرنەوە، بەڵام هەڵبەتە چەند شێوەی جیاواز هەیەبۆ چیرۆک خوێندنەوە:
  - دەتوانیت بپرسیت ئاخۆمنداڵەکەت تێگەیشتووە؟
  - دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکانی منداڵەکەت بدەیتەوە، کە لەکاتی چیرۆک خوێندنەوەکەدا بۆی دروست دەبێت.
  - دەتوانن باسی ئەو وێنانە بکەن کە لە کتبەکەدا هەیە.
  - دەشتوانن بپرسن کە ئاخۆ هەندێک لەوشەکانی چیرۆکەکە بەدانمارکی چی پێدەوترێت؟

لەوماڵانەدا کە باسی کتێب هەیە منداڵەکانیشیان باشتر دەبن لەقسەکردندا و ئاسانتریش فێری قسەکردن و نووسینی زمانی تر دەبن.



"وانە ئامادەکردن شتێکی گرنگە چونکە مرۆڤ زیرەکتر دەکات. بۆیە کاتێک گەورە دەبیت زیرەک دەردەچێت. من حەز دەکەم ببم بە فڕۆکەوان."

منداڵێک دەڵێت

منداڵەکەت وانەی جۆراوجۆر هەیە کەپێویستدەکات ئامادەی بکات. مامۆستایان زۆربەی کات لەم بارانەدا ئەرک دەدەن بەمنداڵ:

- کە پێویست بێت ڕاهێنان بکات لەسەر شتێکی دیاریکراو، کە مامۆستا لە مەکتەب پێی وتبێت.
- منداڵەکە پێویستی بەخۆراهێنانە لەسەر شتێکی تازە، بۆنموونە خوێندنەوەی چیرۆکێک کە دواتر لەپۆلدا کاری لەسەردەکەن
- منداڵەکە پێویست بکات بەتەنیا هەستێت بە ئەرکێکی دیاریکراو، بۆنموونە نووسینی چیرۆکێک یان ئامادەکردنی بابەتێک کە خۆی هەڵیبژاردبێت.

"ئەرکی من ئەوەیە،کە، کە کارێکی وابکەم هێمنی بۆ منداڵەکەم دابین بکەم تاوەکو وانەکانی تێدا ئامادە بکات"

دایکێک دەڵێت

## منداڵان دەتوانن یارمەتیی یەکتر بدەن

ئەو منداڵانەی کە هەندێک تەمەنیان گەورەیە دەتوانن یارمەتیی یەکتربدەن. بۆیە دەتوانیت پێشنیاری هاورێیەکی خۆیان بۆ بکەیت، کە لەگەڵیدا کۆشش لەو شتانەدا بکەن کەبۆیان زەحمەتە. دەشێت هاورێ یان خوشک برای لەخۆی گەورەتر بێت.



## هەندێک ئامۆژگاریی باش کاتێک ویستت یارمەتیی منداڵەکەت بدەیت لە ئامادە کردنی وانەکانیدا:

ڕۆژانە کاتێک دیاری بکە، کە تیایدا یارمەتیی منداڵەکەت بدەیت: دەکرێت کاتێکی تایبەتی ڕۆژەکە بێت، کە تیایدا لەگەڵ منداڵەکەت دابنیشیت بپرسیت:

- دەتوانیت نیشانم بدەیت ئەمڕۆ لە قوتابخانە چیتان خوێندووە؟
- هیچ شتێک هەیە پێویست بکات ئامادەی بکەیت بۆ سبەینێ؟ بۆچی سەیری خشتەی وانەکانت (بەرنامەی هەفتەکەت) نەکەین؟
- لەگەڵ هەر منداڵێکدا دەوری 10-15 دەقیقە بەکاربهێنە.


بەم شیوەیە دەتوانیت
یارمەتیی منداڵەکەت
بدەیت لەئامادەکردنی
وانەکانیدا
KULTUR OG
BORGERSERVICE
Aarhus Kommune